# ئەم جارەیان تەنیا بە شادی شوێنت ئەکەوم!

عوسمان ــ م

ئەزانم رەنجاوی و بوغز گەروتی گرتوە! بەڵام لە یەکەم چاو هەڵهێنانتەوە تا ئێستا تابلۆی رق و نەفرەت مەمنوعە، لە سەر دەرگای دڵت هەڵواسراوە! تۆ کردارە خراپەکانی منت لە سەر خۆڵ ئەنووسی، بۆ ئەوەی با بیانبا! بەڵام چاکیەکانمت لە سەر بەرد هەڵ ئەکەند، و ئەتوت: "نە با و نە بۆران و نە هیچ گەردەلولێک نایسرێتەوە"!

ئێستاش دڵنیام هەر وایت! چونکە تابلوکە هەر ماوە.

ئەزانم مۆنی و مۆرەم لێ ئەکەی، حەق بە تۆیە! هەمیشە بێجگە لە خەفەت و خەم، بێجگە گریان هێچم بۆت نەهێنا. هەمیشە سینەی بێ کینەتم ئەسیری خەمی خۆم کرد. تۆش شادیەکانت لەبیر کرد. من خەمەکانی خۆم و ماتەمەکانم بە تۆ دا، و تۆ گریایت.

لەگەڵم خەمت خوارد، و ئەزانم کە هۆکاری خەفتەکانت منم! ئەمجارەیان هاتومەوە و بە فرمێسکەکانت سینگ و دەرون و دڵمم جوان شتوەتەوە!!. ئەمجارەیان بێ خەم هاتوم و ئێتر شادیەکانت ناشێوێنم! دڵی مێهرەبانت خەمگین ناکەم.

مێهرەبانم ئەی سەرچاوەی وەفا و پاکی، سەرچاوەی چاکە و فێر بوون بۆ من، سروشتی ناسکی تۆ و خەیاڵی تەمەنای ساکاری من هەمیشە بێ تاوان بوون و بێ یەک نایان کرێ! ئاخر پێکەوە گۆچ کراون و ناوکیان براوە!

تا فرمێسکی چاوەکانتم خوێندەوە، سروەی عەشق هات و وشەکانمی فراند، دەرمانی قەڵەمەکەشم چۆرایی لێ برا و دەفتەری گۆرانیەکانم بە سپیەتی مایەوە.

ئێستا خۆم و تەنیاییم و وێنەی چاوەکانت تەنیا هاودەم و مایەمن و ئەو لێوانەت کە لە ناخی دڵم دا پێ ئەکەنین! هەمو شەوێک دێمە لای پەنجەرەکە و چاوەکانم ئاوسی گریانی دوریتە. مانگەشەو و ئەستیرەکان لە فرمێسکەکانم دا سەما ئەکەن.

لە دەرەوە پەڵە هەورێک وچانێکی داوە، و تمەز چاوانی باراناوی منی دیوە. ئاسمان دڵی تەنگ بوە و لەگەڵ من وەک هەوری چاوانم باران ئەبارێنێت.

بارانی چاوم گۆنا رومەتی شکاوم تەر ئەکا و وەک شەقاری دەشتی تینو فرمێسکەکانم ماچ ئەکەن. ئاسمان ئەزانێ بۆ دڵم تەنگە، ئەزانێ چیمە و لێم تێ ئەگا! بۆیە لەگەڵم ئەگری! ئەزانێ لە نێوان من و تۆ دا نێوانێک هەیە، دابران و بێقەراری و تەنیا بە فەرمانی رۆحی سوک و بەزەیی رەحمت ئەم نێوانە نامێنێت.